# داود و بەتشەبەع

٢ ساموئێل ١١ و ١٢ — زەبوورەکان ٥١ و ٣٢

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن داود بوو بە پاشای ئیسرائیل. داود پاشایەکی دادپەروەر و بەبەزەیی بوو کەوا بەڕاستی ووشەی خودای بەرز ڕادەگرت. بۆ ئێستاش، دەخوێنین لە شتێك دەربارەی داود کە خۆش نییە بیبیستین. داود شتێکی کرد کەوا لەبەر چاوی خودا ناشرین نەبوو، تەماحی لە ژنی دراوسێکەی کرد، و داوێن پیسی لەگەڵ کرد، و پاشان گوناهی کردە سەر گوناهەکەی بەهەوڵ دان بۆ داپۆشینی. ڕەنگەی کەسانێك بپرسن، (بۆچی چیرۆکی وا ناخۆش لەناو نووسراوە پیرۆزەکاندا هەیە؟) نووسراوی پیرۆز خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کاتێ دەفەرموێ: هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە. (ڕۆما ١٥: ٤) ئەم شتانەیان... بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە... کەواتە ئەوەی وادەزانێت ڕاوەستاوە، با وریابێت نەکەوێت. (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١، ١٢) لە نووسراوە پیرۆزەکان، خودا گوناهی پێغەمبەران ناشارێتەوە لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ وانەی گرنگمان فێر بکات.

ئێستاش، با بگەڕێینەوە سیپارەی دووەمی ساموئێل و ببینین چۆن داود تووشی گوناه بوو. لە بەشی یازدە، نووسراوی پیرۆز
دەفەرموێ: (٢ ساموئێل ١١) ١ ئەوە بوو لە بەهاری ساڵدا لە کاتی دەرچوونی پاشاکان بۆ جەنگ، داود یۆئابی لەگەڵ هەموو
خزمەتکارەکانی و هەموو سوپای ئیسرائیلدا نارد و نەوەی عەمۆنیان تێک شکان و ڕەبەیان گەمارۆ دا، بەڵام داود لە ئۆرشەلیمدا
مایەوە. ٢ ئەوە بوو دەمەو ئێوارە داود لەسەر چوارپایەکەی هەڵستا و لە سەربانی کۆشکی پاشا هاتوچۆی کرد و لە سەربانەوە ژنێکی
بینی خۆی دەشوات و ژنەکە زۆر جوان بوو. ٣ داودیش خەڵکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە، جا یەکێک وتی: (ئەمە (بەتشەبەع)ی... ژنی
(ئوریا)ی حیسییە.) ٤ ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد و بردی و هاتە ژوورەوە بۆ لای و داود لەگەڵیدا نووست... ئینجا ژنەکە
گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی. ٥ جا ژنەکە سکی پڕ بوو و ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و وتی: (سکم پڕە.)

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان باس دەکات چۆن داود هەوڵی دا گوناهەکەی داپۆشێ. کاتێ داود گوێی لێ بوو بەتشەبەع سکی
پڕە، ناردی بەدوای یۆئاب، سەرکردەی سوپاکەی، و فەرمانی پێ دا ئوریای مێردی بەتشەبەعی بۆ بنێرێ. ئوریاش پیاوێکی مەزن بوو
لە سوپای ئیسرائیل. ئیتر یۆئاب ئوریای بۆلای داود نارد. (١ ساموئێل ١١) ٧ ئینجا ئوریا هات بۆ لای و داودیش لە سەلامەتی
یۆئاب و لە سەلامەتی سوپا و چۆنییەتی سەرکەوتنی جەنگی پرسی. ٨ پاشان داود بە ئوریای وت: (دابەزە بۆ ماڵەکەت و قاچەکانت
بشۆ.) جا ئوریا لە کۆشکی پاشاوە دەرچوو، دوابەدوای ئەویش دیارییەک لە لەلایەن پاشاوە دەرچوو. ٩ بەڵام ئوریا لە دەروازەی
کۆشکی پاشادا لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا خەوت و دانەبەزی بۆ ماڵەکەی. ١٠ ئینجا بە داود ڕاگەیەنرا کە ئوریا
دانەبەزیوە بۆ ماڵەکەی. داودیش بە ئوریای وت: (تۆ لەڕێوە نەهاتوویت؟ ئەی بۆچی دانەبەزیت بۆ ماڵەکەت؟) ١١ ئوریاش بە داودی
وت: (سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهودا لەناو چادردا نیشتەجێن و یۆئابی گەورەم و خزمەتکارانی گەورەم لە دەشتودەر چادریان
هەڵداوە، منیش بچم بۆ ماڵەکەم بخۆم و بخۆمەوە لەگەڵ ژنەکەمدا پاڵ بکەوم؟ بەسەری تۆ و بەگیانی تۆ من کاری واناکەم!)
١٢ ئینجا داود بە ئوریای وت: (ئەمڕۆش لێرە بمێنەوە و سبەینێ دەتنێرمەوە.) ئیتر ئوریا بۆ ئەو ڕۆژە و سبەینێ لە ئۆرشەلیمدا
مایەوە... ١٤ بۆ بەیانی داود نوسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی و بە دەستی ئوریادا ناردی. ١٥ لەنووسراوەکەشدا نووسیبووی و دەیووت:
(ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لەپشتی بکشێنەوە تا لێی دەدرێت و دەمرێت.) ١٦ جا کاتێک یۆئاب گەمارۆی شارەکەی دابوو،
ئوریای لەوشوێنەدا دانا کە دەیزانی پیاوە بەهێزەکان لەوێن. ١٧ ئینجا پیاوانی شارەکە هاتنە دەرەوە و دژی یۆئاب جەنگان و ژمارەیەک
لە خزمەتکارەکانی داود کەوتن و ئوریای حیسیش مرد. ١٨ یۆئابیش نێردراوێکی نارد و هەموو کاروبارەکانی جەنگی بە داود ڕاگەیاند...
١٩ فەرمانیشی بە نێردراوەکە کرد و وتی: (پاش ئەوەی هەموو کاروباری جەنگەکە بۆ پاشا باس دەکەیت، ئوریای حیسی
خزمەتکاریشت مردووە.)

٢٦ کاتێک ژنەکەی ئوریا بیستی کە ئوریای مێردی مردووە، شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا و ٢٧ پاش تێپەڕبوونی پرسەکە، داود ناردی بە دوای‌دا و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە و بوو بە ژنی و کوڕێکی لێی بوو. بەڵام ئەم کارەی داود کردی، لەبەرچاوی پەروەردگار ناپەسەند بوو.

(٢ ساموئێل ١٢) ١ بۆیە ڕۆژەك، پەروەردگار پێغەمبەری خودا ناوی ناتانی نارد بۆ لای داود و ئەویش هات بۆ لای و پێی وت: (دوو پیاو لە شارێک‌دا هەبوون یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان هەژار. ٢ پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو. ٣ بەڵام هەژارەکە هەموو ئەمەی نەبوو، تەنها بەرخێکی کاوڕەمێی بچووک کە کڕیبووی و بەخێوی کردبوو، لەگەڵ خۆی و هەموو منداڵەکانی‌دا گەورەببوو. بەرخەکە لە پارووەکەی ئەو دەیخوارد و لە جامەکەی ئەو دەیخواردەوە و لە باوەشی‌دا دەنووست و وەک کچی لێهاتبوو بۆی. ٤ (ڕێبوارێک بوو بە میوانی پیاوە دەوڵەمەندەکە، بەڵام ڕازی نەبوو یەکێک لە مەڕ و مانگاکانی خۆی ببات تا ژەمێک بۆ میوانەکە کە ڕووی تێکردبوو ئامادە بکات. لە جیاتی ئەوە بەرخی هەژارەکەی برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو.)

٥ جا داود زۆر تووڕە بوو لەو پیاوە و بە ناتانی وت: (بە گیانی پەروەردگار ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە دەکوژرێت و ٦ لە جیاتی بەرخەکەش چوار قات دەداتەوە، دەرئەنجامی ئەوەی ئەمەی کردووە و لەبەر ئەوەی بەزەیی نەبووە. ٧ ناتانیش بە داودی وت: (ئەو پیاوە تۆیت! پەروەردگار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: (من دەستنیشانم کردیت بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە و من لە دەستی شاول دەربازم کردیت. ٨... ماڵی ئیسرائیل و یەهودام پێدایت و ئەگەر ئەوەش کەم بووایە ئاوا و ئاوا بۆم زیاد دەکردیت. ٩ ئیتر بۆچی وشەی پەروەردگارت بە سووک زانی تا ئەم خراپەیە لەبەرچاوی بکەیت؟ ئوریای حیسیت بە شمشێر کوشت و ژنەکەی ئەوت کرد بە ژنی خۆت و ئەوت بە شمشێری نەوەی عەمۆن کوشت. ١٠ ئێستاش شمشێر لەناو ماڵەکەت بۆ تاهەتایە نابڕێت، چونکە سووکایەتیت بە من کرد و ژنەکەی ئوریای حیسیت برد و کردت بە ژنی خۆت.) ١١ (پەروەردگار ئاوای فەرموو، (ئەوەتا من لەناو ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا ڕاست دەکەمەوە، بە بەرچاوتەوە ژنەکانت دەبەم و دەیاندەم بەو کەسەی کە لێت نزیکە و لە ڕووناکی ئەم خۆرەدا لەگەڵ ژنەکانت دەخەوێت. ١٢ چونکە تۆ بە نهێنی ئەو کارەت کرد، منیش ئەم کارە لەبەردەم هەموو ئیسرائیل و لە ژێر ڕووناکی خۆردا دەکەم.)) ١٣ داودیش بە ناتانی وت: (گوناهم دەرهەق بە پەروەردگار کرد.) ناتانیش بە داودی وت: (هەروەها پەروەردگاریش لە گوناهەکەت خۆشبووە، نامریت. ١٤ بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ بەم کارە وات کرد دوژمنانی پەروەردگار توانج بگرن، بۆیە ئەو منداڵەی بۆت لەدایک دەبێت دەمرێت.) ١٥ ئینجا ناتان ڕۆیشت بۆ ماڵەکەی خۆی.

لەو بەشانەی داهاتوو، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات چۆن گوناهی داود کێشەی مەزن و کارەساتی ناخۆشی لەناو ماڵی بەرهەم هێنا. بەڵام ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: (لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو.) (رۆما ٥: ٢٠) بۆیە، ئێستا دەبینین چۆن خودا نیعمەتی خۆی بە داود نیشان دا، و لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو.

بۆچی خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو؟ گوێت لە وەڵامی داود بوو کاتی ناتان پێی ووت، (ئەو پیاوە تۆیت!)؟ پێغەمبەری خودا ناتان زۆر ئازا بوو کە شتێکی وای بە پاشای مەزنی ئیسرائیل وت. ئەی داود چون وەڵامی ناتانی دایەوە؟ ئایا ناتانی فڕێ دایە زیندانەوە یاخود لە سێدارەی بدات، وەك زۆربەی پاشایەکانی تر؟ نەخێر، شتی وای نەکرد. ئایا داود هەوڵی دا گوناهی خۆی ڕوون بکاتەوە و بڵێ، (إنشاءالله خودا ویستی!) یان بڵێ (خودا گەورەیە، لەوانەیە کردەوە خراپەکانم بسڕێتەوە لەبەر کردەوە چاکەکانم!)؟ ئایا داود بەو شێوەیە وەڵامی ناتانی دایەوە؟ نەخێر، ئاوها وەڵامی نەدایەوە! ئەی چۆن داود وەڵامی دایەوە؟ ووتی، (گوناهم کرد! گوناهم دەرهەق بە پەروەردگار کرد!)

بۆ ئەوەی باشتر لە چۆنیەتی دان پیانانی داود بۆ گوناهەکەی بگەین، پێویستمان بەوەیە ئەوەی داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی بخوێنینەوە لەپاش ئەوەی پێغەمبەر ناتان سەرزەنشتی کرد لەبەر ئەو گوناهەی لەگەڵ بەتشەبع ئەنجامی دا. لە زەبووری پەنجا و

یەك، داود دەڵێ: (زەبوورەکان ٥١) [1] ئەی خودا، میهرەبان بە لەگەڵم بەپێی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت، بەپێی زۆری بەزەیی خۆت یاخیبوونم بسڕەوە. [2] بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەوە. [3] چونکە من یاخیبوونم دەزانم، هەمیشە گوناهم لە بەردەممە. [4] دژ بە تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد، لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد، تاکو لە قسەکانتدا ڕاست بیت، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت. [5] ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. [6] ئەوەتا دڵشاد لە ڕاستی لە ناوەڕۆکدا دەبێت، لە ویژدان فێری داناییم دەکەیت. [7] بە زوفا پاکم بکەوە و پاك دەبم، بمشۆرەوە و لە بەفر سپیتر دەبم. [10] ئەی خودا، دڵێکی پاکم تێدا دروست بکە و ڕۆحێکی چەسپاو لە ناخمدا نوێ بکەوە. [17] قوربانییەکان بۆ خودا ڕۆحی شکاوە، ئەی خودا، تۆ بە سووکییەوە تەماشای دڵی شکاو و وردوخاشکراو ناکەیت.

داود ئاوا تۆبەی کرد. داود زۆر نوزایەوە لەبەر گوناهەکەی. دڵێکی شکاوی بەرامبەر خودا هەبوو. داود وەك ئەوانە نیە کە ئایینیان هەیە بەڵام بەردەوام گوناه ئەنجام دەدەن. بەڕاستی، داود کەوتە ناو داوی گوناه، بەڵام نەیدەتوانێ لەناوی بژێ، لەبەر ئەوەی داود خودای خۆش دەویست، و دەیزانی کە، خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٥)

باشە، لەپاش تۆبە کردنی داود، خودا چی پێی ووت لەسەر زاری پێغەمبەر ناتان؟ ئایا خودا پێی ووت، (بڕۆ چەن ئیشێکی باش بکە و لە گوناهت خۆش دەبم!)؟ نەخێر، خودا وا ناڵێ! ناتان هەرئەوەندەی پێی ووت، (پەروەردگار لە گوناهەکەت خۆشبووە، نامریت!)

لەپاش ئەمە، داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی و باسی بەرەکەتەکانی پیاوێك کە خودا لێی خۆش بوو، جیا لە کردەوەی خۆی. ووتی: خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی یاخیبوونەکانیان بەخشراوە، کە گوناهەکانیان داپۆشراوە. خۆزگە دەخوازرێ بەو مرۆڤەی کە خوداوەند گوناهی لەسەر ناژمێرێت! (زەبوورەکان ٣٢: ١، ٢ و ڕۆما ٤: ٧، ٨) بەڵی، خودا لە گوناهی داود خۆش بوو و بەڕاستودرووست داینا! ئەوە مانای ئەوە نیە کە خودا ئەو کارەساتەنەی لادا کە گوناهی داود بەرهەمی هێنابوون. مانای ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی، خودا گوناهی داودی لە یاد نامینێ.


خودا چۆن شتی وادەکات؟ خودا چۆن لە هەموو گوناهەکان داود خۆش دەبێت و دادوەرێکی ڕاستودرووست دەمینێتەوە؟ ئایا خودا شتی لە یاد دەچێت، هەر ئاوا بەئاسانی خراپەکەی داود لە یاد دەچێت؟ نەخێر! خودا دادوەرێکی ڕاستودرووستە، و ناتوانی ئاوا بەئاسانی چاوپۆشی بکات لە گوناهەکانی نەوەی ئادەم. باشە مادام، خودا چۆن لە داود خۆش دەبێ، و بەردەوام بێت لە ڕاستودرووستی خۆی؟

نوێژی داودت بۆ خودا لە بیرە لەپاش ئەوەی گوناهی خۆی زانی؟ نوێژی کرد و وتی، (بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەوە... بە زوفا پاکم بکەرەوە، بێگەرد دەبم، بمشۆرەوە، لە بەفر سپیتر دەبم!) (زەبوورەکان ٥١: ٢، ٧) خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا کە لقەکانی ڕوەکی زوفا بەکار بێنن بۆ برژاندی خوێنی قوربانیەکان. لەو پرژاندنی خوێنە نیشاندەرێك بوون بۆ ئەو قوربانییە مەزنەی ڕزگاری دەری هاتوو بوو، ئەوەی بە ئیرادەی خۆی دەمرێ و خوێنی خۆی دڕێژێ وەك سزادانێك بۆ گوناه.

خودا توانی لە گوناهەکانی داود خۆش بێت چونکە داود تۆبەی کرد و باوەڕی بە هێزی خودا هەبوو کە پاکی بکاتەوە بەئیشەکەی ڕزگاری دەری هاتوو. ڕەنگە داود نوێژێکی وای بۆ خودا کردبێ: (ئای خودایە، من غەمبارم لەبەر گوناهەکەم و داوات لێ دەکەم لێم خۆش بیت! من دەزانم تۆ دەتوانی لە گوناهەکانم خۆش بیت، لەبەر ئەوەی ڕۆژێك ڕزگاری دەرەکە دەنێری، کەوا هیچ گوناهی نیە و ئەو خۆی لەباتی من سزای گوناه دەکێشێ یەك جار و تاهەتا. بۆیە ئەی پەروەردگار، بەزەییت بە منی گوناهبار هەبێ! لە نێو خوێنی ڕزگاری دەری پیرۆز بمشۆ، و بەتەواوەتی پاك و بێگەرد دەبم من!)

ئایا خودا، بەنیعمەتی خۆی لە هەموو گوناهەکانی داود خۆش بوو؟ ئایا خودا دڵی داودی پاك كردەوە و وەك ڕاستودرووست دادوەری کرد؟ بەڵێ، وای کرد! لەسەر چ بنەمایەك خودا وای کرد؟ خودا لە داود خۆش بوو چونکە داود دانی بەباری گوناهباری خۆی دانا لەبەرامبەر خودا، و باوەڕی بە بەڵێنی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە، ئەوەی کەوا دێت و سزای گوناە هەڵدەگرێت. ئەو باوەڕەی ئەو هەیبوو بە بەڵێنەکانی خودا ئەو هۆیە بوو کە داود خۆش حاڵ بێت.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەم ئایەتە دەکەنەوە کە داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی سەبارەت بە یەکێك لە بەرەکەتە مەزنەکانی خودا: (خۆزگە دەخوازرێ بەوەی لە یاخیبوونەکانی بەخشراوە، کە گوناهەکانی داپۆشراوە! خۆزگە دەخوازرێ بەو مرۆڤە کە پەروەردگار گوناهی لەسەر ناژمێرێت و ڕۆحی بێ فێڵە!) (زەبوورەکان ٣٢: ١، ٢)



## ڕنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە؟

١. بۆچی چیرۆکی وا ناخۆش لەناو نووسراوە پیرۆزەکاندا هەیە؟

٢. بۆچی خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو؟

٣. کاتی ناتان پێی ووت، (ئەو پیاوە تۆیت!)، داود چون وەڵامی ناتانی دایەوە؟

٤. ئایا ناتانی فڕێ دایە زیندانەوە یاخود لە سێدارەی بدات، وەك زۆربەی پاشایەکانی تر؟

٥. ئایا داود هەوڵی دا گوناهی خۆی ڕوون بکاتەوە و بڵێ، (إنشاءالله خودا ویستی!) یان بڵێ (خودا گەورەیە، لەوانەیە کردەوە خراپەکانم بسڕێتەوە لەبەر کردەوە چاکەکانم!)؟ ئایا داود بەو شێوەیە وەڵامی ناتانی دایەوە؟ ئەی چۆن داود وەڵامی دایەوە؟

٦. لەپاش تۆبە کردنی داود، خودا چی پێی ووت لەسەر زاری پێغەمبەر ناتان؟ ئایا خودا پێی ووت، (بڕۆ چەن ئیشێکی باش بکە و لە گوناهت خۆش دەبم!)؟

٧. خودا چۆن شتی وادەکات؟ خودا چۆن لە هەموو گوناهەکان داود خۆش دەبێت و دادوەرێکی ڕاستودرووست دەمینێتەوە؟

٨. ئایا خودا شتی لە یاد دەچێت، هەر ئاوا بەئاسانی خراپەکەی داود لە یاد دەچێت؟

٩. خودا چۆن لە داود خۆش دەبێ، و بەردەوام بێت لە ڕاستودرووستی خۆی؟

١٠. نوێژی داودت بۆ خودا لە بیرە لەپاش ئەوەی گوناهی خۆی زانی؟

١١. ئایا خودا، بە نیعمەتی خۆی لە هەموو گوناهەکانی داود خۆش بوو؟

١٢. ئایا خودا دڵی داودی پاك کردەوە و وەك ڕاستودرووست دادوەری کرد؟

١٣. لەسەر چ بنەمایەك خودا وای کرد؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org